# وەزارەتی مۆم و بلوورەچرا

بەختیار کەریم

باوەڕناکەم لەسەر گۆی ئەم زەوییە وڵاتێک هەبێت ئەوەندەی کوردستان کارەبای کەم بێت، تەنانەت ناوچەکانی دیکەی عێراقیش لە کوردستان باشترن، بۆ نمونە لە بەسرە لە ڕۆژێکدا دوانزە کاژێری ڕەبەق کارەبا هەیە. گوندە دوورەدەستەکانی کۆریای باکوریش کارەبایان لە شارەکانی کوردستان زیاترە. هاوکات باوەڕناکەم لەسەر ئەم گۆی زەوییە ڕۆژنامەیەک هەبێت ستوونی تایبەتی هەبێت بۆ کارەبا، بەڵام ئەوەندەی من بزانم لە کوردستان هەفتەنامەی ئاوێنە ستونێکی تایبەتی هەیە بۆ کارەبا کە جێگەی دەستخۆشی و مایەی خەمە، لەوانەیە چەندین ڕۆژنامەی دیکەش گرنگی بەو باسە بدەن.

هەموو جارێک کە لەگەڵ دۆستێک لە کوردستان قسەدەکەم، باسی سەرەکیمان باسی کارەبایە. چما دەبێت چ کێشەیەک جگە لە کەرەستەکانی ڕووناککردنەوە، بۆ دانیشتوانی وڵاتێک کە هەندێک لەو دۆستانە بە "تاریکستان" ناوی دەبەن، گەورەتر بێت؟ هەندێک جار کە دەڵێن تەنها دوو سەعات کارەبامان هەیە، ئەگەرچی "کافر"ی سەر ئەو کێوانە بۆ خەمەکانیان "پوسوڵمان" دەبێت، بەڵام من جگە لە زمانی گاڵتە هیچ زمانێکی دیکە شکنابەم بۆ دڵنەواییدانەوەیان.

ئەمە جێگەی خەمێکی گەورەیە، بۆ ئێمەش شایانی تێگەیشتنە، ئەگەرچی لەپاش پتر لە حەوت ساڵ ژیان لەم وڵاتە، تەنها دوو کاژێر کارەبا برانم ئەزموون کردوە، دوو کاژێر کە تێپەڕبوونی لە مەحاڵ دەچوو، بەڵام پێشتر منیش ئەزموونی بێکارەباییم کردوە. لەیادمە کە توورەبوون تا ئاستی جنێودان، بەدوای هەموو برانێکی کارەبادا دەهات. هەندێک جار ئەو کەسەمان تاوانبار دەکرد کە بەرپرسە لە برینی کارەبا، هەندێکی دیکە بەڕێوەبەری کارەبا، یان خودی وەزیر. بەڵێ خودی وەزیرمان تاوانبار دەکرد!

لە یەکێک لەو گفتوگۆ دوورودرێژانەدا دەربارەی کارەبا لەگەڵ هاوڕێیەکدا، کار گەیشتە ئەوەی ناوی "وەزارەتی کارەبا"مان گۆڕێ بۆ "وەزارەتی مۆم و بلوورەچرا"، ئەگەرچی من "وەزارەتی مۆم و پلیتە"م پێ باشتر بوو، بەڵام هاوڕێکەم ناچاری کردم کە وەزارەتی مۆم و بلوورەچرا پەسەند بکەم، چونکە بەدیدی هاوڕێکەم ڕۆمانسیترە. هاوڕێکەم بەتەوسەوە پێیگوتم کە گوایا من "نووسەر"م، پێویستە شتێک لەسەر ئەوە بنووسم و دوو پێشنیاربکەم بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: بڕینی کارەبای کۆی کوردستان بەتەواوی و بەیەکجاری و بۆ هەتاهەتایە.

دووەم: گۆڕینی ناو و ئەرکەکانی وەزارەتی کارەبا بۆ "وەزارەتی مۆم و بلوورەچرا" و کارکردن بۆ دابەشکردنی مۆم، پلیتە، شقارتە، فتیلە، ئەلەتریک، لۆکس، چراوگ و بلولەرەچرا لەگەڵ "بایعیەکە"دا.

گەلۆ چی لەوە ڕۆمانسیترە وەزارەتێکمان هەبێت بەناوی وەزارەتی مۆم و بلوورەچراوە؟ خۆ ئەگەر خوێنەران پێشنیاری باشتریان هەیە، دەتوانن ئاراستەی وەزارەتی کارەبای بکەن، دڵنیام لەم بێکارەباییەدا ئەوەندە دەستبەتاڵن کە کاتیان هەیە بۆ گوێگرتن لە پێشنیارەکانمان.

19/10/2006

ئۆکسفۆرد/ئینگلاند